# پـــــارێزگای سلێمانی

**کۆدی پرۆژە [(SUL. G. ( ٢٩٨٠)] ساڵی ٢٠١٥**

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگێشتی (گشتی)**

## بـــۆ پـــرۆژەی: - پاکردنەوەی خۆڵ و خاشاکی سنوری شارەوانی سلێمانی( کاری پاك کردنەوە ,کۆکردنەوە ,گواستنەوە و دا پۆشینی خۆڵ و خاشاکی سنوری ( ڕا پەڕین و بەکرەجۆ ) .

**پـــــارێزگای سلێمانی** بانگهێشتی گشتی بۆ سەرجەم کۆمپانیا وبەڵێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە. جا هەر بەڵێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کـــەمکردنەوەیە با سەردانی بینایی پـــــارێزگای سلێمانی (کاروباری هونەری/ب .گرێ بەستەکان / فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی، بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبـەر (١,٥٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ بەڵێندەرو کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت..

١- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠١٥/١٠/٠٥) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (٢٠١٥/١٠/١٩) لەکاتژمێر (٩) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر (٢:٠٠)ی پاش نیوەڕۆ , تەنها ڕۆژانی پێنج شەممە وەرگرتنی تەندەر تا کاتژمێر (١:٠٠) ی پاش نیوەڕۆ دەبێت.

٢- ڕۆژی گەڕاندنەوەی تەندەر ڕۆژی ( ٢٠ /٢٠١٥/١٠ ) تا کاتژمێر (١٢:٠٠) ی نیوەڕۆ دەبێت.

٣- ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە ڕۆژی ( ٢١ / ١٠ /٢٠١٥ ) کات ژمێر ( ٩ ) پێش نیوەڕۆ دەبێت.

٤-ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە: (٣) سێ ساڵ لە ٢٠١٦/١/١ - ٢٠١٨/١٢/٣١ ( ڕۆژمێری ) .

٥- هەر ڕۆژێك لەو بەروارانەی لە سەرەوە دەست نیشان کراوە بوو بە پشوی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت, ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوام دوای پشوەکە دەبێت.

٦- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن ( اعتذار ) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

٧- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمێڵ ( email ) ی تایبەت بە خۆی پێشکەش کات .

٨- پێویستە لە سەر بەڵێندەر پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ(١) ی ٢٠١١ ,مەرجەگشتیەکانی بەڵێندەرایەتی ئەندازەیی عێراقی بەشی (١و٢) بێت .

## ((مەرجەکانی بەشداری کردن))

١- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی ناوخۆیین بەشداری دەکەن پێویستە پلەی پۆلێنکردنیان پلە (١) بێت . وە پێناسی پۆلین کردنیان پێبێت کەلە ( وەزارەتی پلاندانان ) ەوە دەرچوبێت و بەرواری بەسەر نەچووبێت و پێناسەی ( یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستانیان ) پێبێت بەرواری بە سەرنەچوبێت ..

٢- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە نیشتیمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پلەی پۆلێنکردنیان پلە (١) بێت ,تایبە تمەندن بە کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاك , تۆماربن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم , هەروەها ( پرۆژەی هاوشێوە ) یان ئە نجام دا بێت .

٣- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە بیانیانەی کە بەشدار دەبن پێویستە پلەی پۆلێنکردنیان پلە (١) بێت , تایبە تمەندن بە کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاك پێویستە مۆڵەتی کارکردنیان هەبێت لەلایەن حکومەتی هەرێم , هەروەها ( پرۆژەی هاوشێوە ) یان ئە نجام دابێت .

٤- پسپۆری کۆمپانیاکان پێویست دەکات بەڵێندەرایەتی گشتی یان پاکردنەوەی خۆڵ و خاشاك بێت .

٥- ئەگەر کۆمپانیای بەشدار بوو هەرکارێکی هاوشێوەی هەبێت دەتوانێت بە دۆکومێنتی فەرمی پێشکەشی بکات .

٦-ئەگەر کۆمپانیای بەشدار بوو هەرئامێرو کەرەستەیەکی تایبەت بە کۆکردنەوەی خاشاکی هەیە دەتوانێت پێشکەشی بکات .

٧- کۆمپانیای دەرەکی مەرجە ( joint venture ) بکات لەگەڵ کۆمپانیای ناوخۆ .

٨- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن

٩- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت .

١٠-بڕی بارمتەی یاسایی بە بڕی ( ٢٩٠,٠٠٠,٠٠٠ ) دوو سەدو نەوەد ملیۆن دینارەو بە (چەکی پەسندکراو) یان (خطاب ضمان) بۆ ماوەی (١١٨) ڕۆژ پێشکەش دەکرێت .

١١- پێویستە بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئامادەبێت .ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت

١٢-پارێزگای سلێمانی پابەند نی یە بە کەمترین نرخ.

١٣- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٩٠) ڕۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر..

**سەدار قادر علی**

**جێگری پارێزگار بۆ کاروباری هونەری**

٢٠١٥/١٠/٥

وێنەیەك بۆ

- بەڕێز سەرۆکی ئە نجومەنی پارێزگا
- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریای / گه نجینەی /٢ سلیمانی/ بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- ب .سەرۆکایەتی شارەوانی سلیمانی/ بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- ب . گرێ بەستەکان / کاروباری یاسا / بۆ کاری پێویست .
- کاروباری هونەری/ ب. پلان و بەدواداچوون/ بۆ ئاگاداریتان .
- سایتی پارێزگا / بۆ بڵاوکردنەوەی لە پێگەی فەرمی پارێزگا .
- ب . ژمێریاری /
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لەکاتی کردنەوەی تەندەر.
- فەرمانبەری تایبەت بەکاری بڵاوکردنەوە لەڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بۆ کاری پێویست.
- سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەر.
- ب . تەکنەلۆجیای زانیاری .
- بەشی IT.
- بۆ بینینی ئەم بانگەوازە سەردانی ماڵپەری www.slemani.gov.krd بکە .

ئامادەکردنی بانگەواز

کاژیاو محمود